# جێندەر : لە ئادەم و ئیڤەوە

د. ئەحمەد میراودەلی



Mirawdaly@hotmail.com

## پێشەکی و بەشی یەکەم

### پێشەکی

(Seneca Falls, New York)لە     لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا و لەساڵی (1848) دا (سێنیکا فۆڵس, نیویۆرک) لە یەکەم کۆبوونەوەیاندا کۆمەڵێک ژن ، داوای مافی دەنگدانیان کرد . لەسەر ئەو بنەمایەی کە پیاو و ژن بەیەکسانی ئافرێندراون (ئێزدان یان سروشت دروستی کردون) و ئەم داواکارییەش ، ئەوکاتە تەنها بۆ ژنانی سپی پێست بوو .

دوای کۆتایي شەڕی سیڤیلی ئەمەریکا , ژنان لە هەندێ کاری دەرەوەی ناوماڵدا بەتایبەتی لە بواری خزمەتگوزاری سۆشیالیدا وەک سکرتێریي و نێرس (خزمەتگوزاری خەستە)......هتد کەوتنە کارکردن .

ئازادی خۆشەویستی و ، داواکاری ژنان بۆ یەکساني بە پیاوان بەرامبەر یاساو لە Free Love : ناوکۆمەڵگاشدا ، وەک ئازادی شووکردن و , مافی ژن لە داواکاری جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی و , سەربەستی سێکس و ، ڕۆڵی پۆزاتیڤی سێکس لە کۆمەڵگادا ، بێ ئەوەی بۆ بەرهەمهێنانی منداڵ بێت ، لە هەموشیان زیاتر ، پرسیاری هاوتایی ئاوەزی ژن و پیاو بوو ، چەند پرسیارێکی ئاگرینی تری بەرزکردەوە .

خۆ ڕێکخستنی ژنان لەسیندیکاو کۆمەڵ و ڕیکخراوی ژێرناوی جوێ جوێ دا و بگرە جووڵانەوەی "فێمینیزم" یش بە هەموو پەل و ڕەوتە جیاوازەکانییەوە .کاردانەوەی ناهاوتایی نێوان ژن و پیاو و ، ستەمکاريي پیاوانە لەژنان کە لە دێرەوە لەکۆمەڵگاکاندا سەری هەڵداوەو ، هەتا ئەورۆش لەکۆمەڵگا هەرە پێشکەوتووەکانی سەردەمی تێکنۆلۆجیاشدا بەردەوامە .

ناوبەناو کەکیژێک یا ژنێکی کورد لە تاراوگەدا بەدەستی کەسوکاری یا هاوسەرەکەی دەکوژرێ , بە کوشتنی شەرەفمەندی ناوزەد دەکرێ !! زۆر کەس و بگرە هەندێ جار لایەنی سیاسیش بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان , نەک لە پەرۆشمەندیانەوە ، یاخود فێمینیستێکی کارابن ، هێرش دەبەنە سەر ئاین ، یا نەیارانی ڕامیارییان و هەندێ فرمێسکی گەرمیش دەڕێژن . بێ ئەوەی هیچ کارێک یان ڕێگە چارەیەک پێشنیار بکەن بۆ نەهێشتنی ستەمکاری لەسەر ژنان و هاوتاکردنەوەیان بە پیاوان ، ئەوەی دەشیکەن بۆ گەیاندنی جەزرەبەیەکە بە نەیارەکانیان .

هەندێ پیاوی کورد شانازی بەوە دەکەن کە ژن و کچی کورد باری شانیان ئاسانترەو ئازادتریشن لە ژنانی گەلانی دراوسێ !. بەڕای من ، ئەمە جێگەی شانازی نییە , خۆ ژن و کچی کوردیش هەر دیلن و , جیاوازییەکە هەر ئەوەندەیە کە زنجیری پاي ژنی کورد ڕەنگە تۆزێک درێژتربێ . شانازی پیاوی کورد لەکارایی بە هاوتاکردنی مافی ژن و پیاو (جێندەر)دا دەبێ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا .

ئەز لەم نوسینەدا مەبەستم بەرگری ، یان هێرشبردنە سەر هیچ بیرێکی ڕامیاری یا ئاینێکی تایبەت نیە ، بەڵکو لە بەدواداچوونێکی زانستانەی مێژووی ژنان ، هیواداري بەشدارییەکی سوودمەندانەم بە پرسی ژنان و کیژان بەشێوەیەکی گشتی و ، ژن و کیژی کورد بەتایبەتی کە ، هەتا هەنووکەش ، ستەمی پیاوسالارییان لەسەرە و مافی سرووشتی هاوتایی بوونی پیاونیان لێ زەوتکراوە .

زۆر جاران لە نێو کۆڕو کۆمەڵی پیاواندا دەبیستین کە ، هەرگیز ژن و پیاو هاوتانابن ، لەبەر جیاوازی هەڵکەوتەی فیزیکی و ئاوەز و سۆزی دەروونی و...هتد . بێ گومان ئەمە کاڵفامی ئەو خاوەن بڕوایانە دەردەخا , بەلای ئەوانەوە مەبەست لە هاوتايي ژن و پیاو ، هاوتایی سترٍوکتوری فیزیکي و هێزی بازوو و بگرە سۆزی دەروونیش دەگرێتەوە کە لەلای ژنان بەرزترە ، لێ وەک کەموکوڕییەکیش لەسەریاندا دەشکێننەوە . هەتا ئێستا و دڵنیاشم لە ئایندەشدا هیچ بەڵگەیەک لە بواری زانستدا بەدەستەوە نایە بیسەلمێنێ کە ، ئاوەزی پیاو لە ئاوەزی ژن باڵاتربێ . جا لەبەر ئەوەی سۆزداری نواندنی هەستێکی دەروونییە ولە هۆشمەندییەکی باڵاوە سەرچاوە دەگرێ ، ئەوکات ئەگەرحاڵ بێتە سەر ئەوەی کە لایەنی فیزیکی زیندەوەران ، وەک مەچەک و ماسولکەی گەورەتر و بەهێزتر پێوەری مافبن ، دەبێ مافی مرۆڤ بەگشتی لەزووربەی ئاژەڵ کەمتربێ !!. بۆ دەبێ لاوازی فیزیکی ژنان بە کەمووکوڕی پێناسە بکرێ بەرامبەر پیاو , لەکاتێکدا پیاوان خۆیان لە سترٍوکتووری فیزیکیدا یەکسان نین و زۆر ژنانیش هەن زۆر لە پیاوە هاوسەرەکانیان بەهێزترن ؟

ئاینەکان بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش جولەکایەتی و مەسیحایەتی و ئیسلام . ژنیان لە هەندایەکی نزمتری ئاوەز و هزری پیاواندا داناوە . لەبەر ئەوەشە لەوکۆمەڵگایانەدا کە تیولۆجیای ئەو ئاینانە سەرچاوەی یاسان ، قارسکردنی مافی ژنان و نا هاوتایی یان بە پیاو ، لە یاساو بوارەکانی سۆشیالیدا ، جێگەی پرسیار نەبوە و نییە . بە پێی ئەو ئاینانە ، ئیشی ژنان خزمەتی مێرد و پاککردنەوەی ناوماڵ و چێشت لێنان و بەخێوکردنی منداڵە . جیگیربوونی یاسای وەرگیراو لە ڕێسای ئاینییەوە وەک (شەریعەی) ئیسلامی , ئەگەر بەزۆرەملێ بووبێ وەک وڵاتانی بەئیسلامکراو , یا بەئارەزوومەندی وەک هەندێک وڵاتانی دونیای مەسیحایەتی و ئەگەر بۆ ڕزگاری نەتەوەیەکیش بووبێ لەکۆیلەيي و قەلاچۆکردنیان وەک جوودیزم , ئەوا کارایەکی بەهێزیش بووە لەگۆڕانی داب و نەریتی کۆمەڵگا جیاوازەکانی سەرانسەری ئەم گلۆبە . لێ ڕاستە پیاو بۆ شتنەوەی تاوانەکانی خۆی هەموو ئۆباڵی پیاوسالاری و ناهاوتایی نێوان (جێندەر) لەکۆمەڵگادا لە ئەستۆی ئاینەوە , یان وەک هەندێک ، لە ملی بیر و باوەڕێکی تایبەتی هەڵبەستێ و خۆی پێ ڕوسووربێ ؟ من پێم وا نیية.!! من

گومانم لەوەدانیە پیاوسالاری پەتایە ‚ پەتایەکی سۆشیالییە ، ئەگەر لەسەرەتاوە لەسەر بنەمایەکی سۆشیالی نارەوا یا ئابووری تایبەتی سەري هەڵدابێ لەکۆمەڵگا جیاوازەکاندا و دواتریش زاڵبووبێتە سەرکۆمەڵگاکانی ژن سالاریش( ئەگەر ژن سالاری هەبووبێ) ، ئێستا پەتایەکی کولتووری و سایکۆلۆجییەکەدەبێ لەناوببرێ . جا بەرای من ، هەنگاوی یەکەمی لەناوبردنی ئەم پەتایە لە دەستنیشانکردنی هۆکاری سەرهەڵدانی پەتاکە دەست پێدەکات ، بێ گومان ئەوەش بێ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو ناکرێ .

## بەشی یەکەم

کاتێک لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەدەینەوە ، بەدەگمەن نەبێ ، ڕووداوەکان

هەمووی لە دەوروبەری پاڵەوانێتی پیاوان و چالاکییەکانیان دەخولێنەوە و ، ژنان لەمێژوودا پەراوێزخراون ، وەک ئەوەی بەشداریان لە پێگەیشتن و بەرەوپێشچوونی مرۆڤ نەکردبێ ، یان بەهەمەوو درێژایی مێژوو لەئارادا نەبووبن . زووربەی خەڵک( ژن و پیاو) شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ژنان نازانن . ڕەنگە زووربەشمان زانیارییەکی ئەوتۆمان دەربارەی پیاوانیش نەبێت .

لەوانەیە زۆرکەسیش بپرسن ؛ ژنان مێژوویان لەکوێ بوو ؟ لێ بەدڵنیاییەوە دەڵێم ، ئەوان مێژوویەکی پرشنگدارتر لەوەی پیاوانیان هەیە . بەڕای من بۆ خۆناسین چی ژن چی پیاو پێویستی بە هەندێ زانیاری لەسەر مێژووی مرۆڤ هەیە ، یەکەم: بۆ ئەوەی خۆمان بناسین و دووهەمیش : بۆ ئەوەی بزانین بۆ لایەکی جێندەر بووەتە کۆیلەو لایەنەکەی دی بۆتە سەروەر ؟

## باوە مەشێ و دایە مەشیانێ *

## دایە مەشیانێ

بەپێی زانست ، مرۆڤ ، نزیکترین گیانلەبەرە لە مەیموون و" لیمورس"ەوە کە ئەوەیش جۆرێکی نزیکە لە مەیموون و ، ئامۆزای گۆریلا و ئۆرانگۆتان و چیمپانزین . ستروکتووری ماسولکەو هێسک و سیستێمی نێرڤ و ددان و جۆری خوێنمان لە چیمپانزیی یەوە نزیکە و (دی ئێن ئەی) هەردوولاشمان جمکن . لەبەر ئەوە وا بڕوا دەکرێ کە مرۆڤ و مەیموون بگەڕێنەوە بۆ دایک و باوکێک و پێش نزیکەی پێنج تا شەش ملیۆن ساڵ لەمەوبەر ، لێک جوێ بوونەوە .

ئەو ئاژەڵە شیردەرە هەڵکشاوانە ، پێش ئەوەی ببنە شێوە مرۆڤ ، گۆڕانکاری گەورە بەسەر هێسکی لەشیاناندا "سکێلێت" هاتووە . بەتالایی نێو هێسکیان کورت تر و فراوانتر بووە ، قاچەکان درێژتر بوون دەم و ددانیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە . لێ گۆڕانکاری گەورەتر لە فیزیۆلۆجیای مێینەدا ڕویداوە . مێینەی ئاژەڵە شیردەرە بەرزەکان وەک مەیموون و مێینەی مرۆڤ ، بەواتای " ژن" لە بەشی سیستێمی" سێکس" دا ئۆرگانێکی تایبەتیان هەیە تەنها ڕۆڵی چێژتنی سێکس دەبینێ ، بەڵام ژنان بەرینایی نێو هێسکەکانی کەمەریان والاترە لە ئاژەڵەکانی دیکە ، بۆ ئەوەی یاریدەی لەدایکبوونی منداڵێکی سەرزلتر بدات ، کە مێشکێکی گەورەتری تێدایە . جیاوازیش لە مێینەی

ئاژەلە شیردەرەکانی دیکە ، ژن وەرزی"کەڵگرتن"ی لەدەست داوە و دەتوانێ هەرکاتێک بییەوێ لە سێکسدا کارابێ . هەندێ سکۆلار وایبۆدەچن کە بە تەنها گۆڕانکاری لەشی مێینەیە ، بۆتە هۆی پێشکەوتن لە ئاژەڵەوە بۆ "هۆمیناید". بەواتای ، ئەگەر ئەو گۆڕانکارییانەی لەشی مێینە نەبوایە ، ئێمەی مرۆڤ لەئارادا نەدەبووین .

هۆمیناید : وەک لە سەرچاوەکاندا باسی لێوەکراوە ، ئاستێکی هەڵکشاوتر بووە لە مەیموون . بەپێی دۆزراوە ئارهیۆلۆجییەکانی ئێسیوپیا . پێش نزیکەی چوار ملیۆن و نیو ساڵ لەمەوبەر ، هۆمیناید لەسەر دوو پێ ڕۆیشتوون و باڵایان تەنها چوار پێ بەرز بووە و سەنگیشیان 27 کیلۆ . دەستیان درێژ و مێشکیان تۆزێک لە مێشکی مەیموون گەورەتر بووە . سکۆلارەکان وایبۆدەچن کە مرۆڤ لەمانەوە هەڵکشاون یان لەمانەوە جیابوونەوەو بوونە"هۆمۆهابیل" ؛ کە بەرلە 2.6 ملیۆن ساڵ ژیاون و مێشکیان گەورەتر بووە و بەلایەنی کەمەوە یازدە جۆر ئامێری کارکردنیان دروست کردووە بۆ هەڵکۆڵینی خاک و بڕینی گۆشت ....هتد. هەر ئەمانە کە زانستکارەکان بە" هۆمۆ" ناویان دەبەن ، پێشی دوو ملیۆن ساڵ لەئەفریکاوە بەرەو باشووری ئاسیاو باکووری ئیوڕێسیا کەوتوونە ڕێ .
مرۆڤی سەرەتایی کە ئێستا بە زمانی زانست بە "هۆمۆساپیان" ناسراوە ، لەنێوانی دووسەد تا سەد هەزار ساڵ لەمەوبەر ، مێشکیان چوار ئەوەندەی "هۆمۆهابیل"ی کێشاوە . ئێمەی مرۆڤیش کە بە "هۆمۆساپیان ساپیان" ناسراوین بە زمانی زانست ، هەرچەندە مێشکمان زۆر گەورەتر نەبووە لە ئەوەی "هۆمۆ هابیل" لێ نزیکەی هەشتا تا نەوەت هەزار ساڵ لەمەوبەر ، لە ئافریکا ، جل و بەرگمان درووست کردووە و خەریکی درووستکردنی خانوو و بەرەبووین ، و دستمانکردۆتە ڕاووشکار .

نزیکەی چل ساڵان لەمەوبەر ، بایۆکیمیستەکان ؛ دەستیان دایە لێکۆڵینەوەی پیوەندی جینەکان بە ، پێشکەوتنی فیزیکی و ئاوەزی مرۆڤەوە . لێکۆڵینەوە لەسەر"دی ئێن ئەی" کە ترشەڵۆکی نێو نیوکلی شانەیەو کاڕێکتەرەکانی دایک و باوک دەگوێزێتەوە بۆ نەوەکانیان ، وای دەرخستووە کە مرۆڤ نزیکەی پێنج ملیۆن ساڵ لەمەوبەر لە مەیموونەکانی ئافریکا جیابۆتەوە ، لێکۆڵینەوەیەکی"دی ئێن ئەی" لەسەر ئەو خەسڵەتانەی تەنها لە دایکەوە دادەکەون، 147 کەسیان لە سەرانسەری دنیادا کردۆتە سامپڵ"نموونەی لێکۆڵینەوە" کە لەلایەن زانکۆی کالیفۆڕنیاوە ئەنجام دراوە ، وا دەگەیەنێ کە ڕەچەڵەکی هەموو مرۆڤ ، دەگەڕێتەوە بۆ یەک"ژن" .
جا ئەگەر ئەو خانمە "حەوای" قورئان، "ئیڤ"ی تەوڕات یان "مەشیانێ"ی ئاوێستابێ.!! . (بێ گومان لێرەدا مەبەست تاکە ژنێک نییە) .
ئەم لێکۆڵینەوەیەی زانکۆی کالیفۆڕنیا کە بە لێکۆڵینەوەیەی گرووپی "بێرکلی" ناونراوە ، وایدەردەخا کە ئەو ژنە ( داپیرەی ڕەچەڵەکی مرۆڤ) لەنێوان- 285 تا 143- هەزارساڵ لەمەوبەر لە ئافریکا ژیابێت ، ( بەواتای مرۆڤ لە ئافریکاوە سەری هەڵداوە و بەدنیادا بڵاوبۆتەوە) بێ گومان نە حەوا و نە ئیڤ و نە مەشیانێ تاکە ژنی سەر زەمین نەبوون ، لێ کیژەکانیان ئەوانەن کە "دی ئێن ئەی"

یەکەی خۆیان بەنێو نەوەکانیاندا ناردۆتە خوارەوە و ئێمەش کە ئەمڕۆ لە ژیانداین ، نێرو مێ ، هەرجی شێوەی لەش و بەژنوباڵاو ڕەنگمان هەبێ ، نەوەی دایکێکین کە پێی دەڵێن"ژن" .

وەک دەزانین ، مێژوو بریتییە لە نوسراوەی ڕووداوەکانی ڕابووردو ، لێ هەتا سەردەمی دۆزینەوەی نوسین ، پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر ، شێوە مرۆڤ"هۆمیناید" سێ ملیۆن ساڵی بەسەر بردووە . کەواتە ئەوەی نوسراوە تەنها بریتییە لە فراکسیۆنێکی ( تروکەیەکی چاو) مێژوو . وەلێ زانستی ئارهیۆلۆجی ، بە بەشەکانی (ئانترۆپۆلۆجی و پالیۆنتۆلۆجیێ) یەوە (ئانترۆپۆلۆجی مانای لێکۆڵینەوە لەسەر مرۆڤ وەک بەشێکی ئاژەڵ و پالیۆنتۆلۆجی- مانای لێکۆڵینەوەی هێسک و پلوسک) تا ڕادەیەک جۆری ژیاری پێشینانمانیان بۆ ڕوونکردووینەوە .
وەک دەرکەوتووە بەشی زۆری ڕابوردووی مرۆ ، باوکایێتی نەزانیوە ، منداڵ وەک بەچکەی ئاژەڵێک دایکی خۆیان ناسیوەتەوە و دایکانیش هەروەها . نەخش و نیگارو هەڵکۆڵراوەکانی ناو ئەشکەوتەکان کە هەتائێستا دۆزراونەوەو دەگەڕێنەوە بۆ پێش نزیکەی حەوت هەزار ساڵ ، وێنەی جوتبوونی ئاژەڵ لە وەرزی بەهاردا و زگپڕییان لە وەرزی هاویندا بەدیار دەخا . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ، ڕۆڵی نێرینە لە زاووزێدا ، لەو سەردەمانەوە لای مرۆڤ ناسراوە .
کەواتە بۆ ماوەی سەد تا سێ سەد هەزار ساڵی ژیانی مرۆڤ باوکایێتی بوونی نەبووە و ، مێینە بەرپرسی ژیان بوون و ، دایک هەردوو ڕۆڵی دایک و باوکی بینیو . لەبەر ئەوەشە مرۆی سەرەتایی توانای زاووزێی ژنانیان لە نوێکردنەوەی کۆمەڵگادا زۆر بە هەند ڕاگرتووە . وەک دەزانین لە هەموو جۆرەکانی ئاژەڵی شیردەردا ، مێینەکان ئاگاداری بێچوەکان دەکەن ، لێ وەک دەرکەوتووە ئەم ڕەوشتە ڕەوشتی "دایکایەتی" ڕەوشتێکی بایۆلۆجی سکماکی نییە ، بەڵکو ئەنجامی فێربوونە . بە تاقیکردنەوە دەرکەوتووە ، ئەو ئاژەڵانەی لەبەر دایکیان زۆر بە منداڵی هەڵگیراون ، دایکایەتی کۆرپەکانی خۆیان ناکەن .
لەوانەیە ژنانی مرۆڤی سەرەتایی ، وەک مەیموون منداڵەکانیان بەکۆڵەوە گرتبێ و خواردنیان پیشان دابن و دوژمن و دۆستیان پێناساندبن و فێری خۆ خەلساندنیشان لە تەنگەژە کردبن . وەک دەرکەوتووە ، لەناو چێمپازییەکاندا ، دایک منداڵەکەی فێری پێوەندی سۆشیاڵی دەکاو ، بێچوە نێرەکان فێردەکەن خواردن لەگەڵ نێرو مێی گەورەدا بەش بکەن .کەواتە پێوەندی نێوان دایک و فرزەند"منداڵ" بنەمای سەرەکی کۆمەڵگای ئاژەڵە ، لەنێو هەندێ ئاژەڵی کێوی شیردەردا ، نێرینەکان لە تەمەنی هەرزەکاریدا ئەگەر بە ڕەزامەندی خۆیان لە گرووپەکە دوورنەکەونەوە ، ئەوا بەزۆر دەریان دکەن ، "بابوون" کە جۆرێکی مەیموونن نێرەکانیان پێکەوە بە گرووپێکی جیاواز دەژین . ئەمە تا ڕاددەیەک ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە باوک لەسەرەتاوە ڕۆڵی لە پەروەردەکردنی زارۆڵەدا نەبووە .
ئەو ، لە شێوە مرۆڤانەی پێشتر باسمان لێوە کردن و بە "هۆمیناید" ناومانبردن ، لە بەر کەمتوانایی فیزیکی ، لەوانەیە لەکاتی ڕوناکیدا و لە نزیک دەوروبەری خۆیانەوە ، بەشوێن خۆراکدا گەڕابن کە بە زۆری بەروبوومی ڕووەک بووە . لێ دەبێ بۆ خۆپاراستن و فێرکردنی منداڵەکانیان ، سیستێمێکی لێکحاڵیبوونی دەنگی یان هێمایی پەلوپۆ هاویشتنیان هەبووبێ ، هەر وەک چێمپازییەکانی ئێستا کە

یەکدی لە مەترسی دەورووبەر حاڵی دەکەن . بێ گومان لەکاتی کەموکووڕی خۆراکدا ، ناچاربوون زیاتر لەدەورووبەری خۆیان دووركەونەوە . ئەمەش لە ڕاستیدا دوو داخوازی گەورەی خستۆتە پێش دایکان ، لەبەر ئەوەی تەنها ئەوان خەریکی پەروەردەی منداڵ بوون . یەکەم داخوازی ئەوە بووە ؛ چۆن منداڵەکەی کە ڕۆژانە سەنگی لە زیادبووندایە ، بەکۆڵیەوە بۆ ماوەیەکی زۆرتر ڕاگرێ . دووهەم داخوازی ئەوەیە ؛ چۆن بتوانێ دەورووبەرێکی زیاتر بپشکنێ بەشوێن خۆراکدا و لە سەرچاوەی ئاوەوە دورکەویتەوە . سکۆلارەکان بڕوایان وایەکەئەم دوو داخوازییە بوونە هۆی داهێنانی ئامرازی سەرەتایی لەکۆڵگرتنی منداڵ و گواستنەوە و داکردنی ئاو ، شتێک لە شێوەی "مەتارە" و ، دواتریش داهێنانی کەندوو (عەمبار) کە توانیویانە خۆراکی چەند ڕۆژێکی تێدا هەڵگرن و ڕۆژانە بەدووی خۆراکدا وێڵ نەبن و مۆڵەتی داهێنانی کەلوپەلی دیکەیان هەبێ .

لەوەدەچێ دابەشبوونی کار لەنێو جێندەردا ، لەکۆمەڵگاکاندا لەسەردەمی دۆزینەوەی کەندووکردندا سەری هەڵدابێ ، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگا زۆر سەرەتاییەکاندا پیاو بە دەگمەن خەریکی کۆکردنەوەی خۆراک بوون . ژنان بەرپرسی خۆراکی هەموو گرووپەکە بوون ، پیاوەکان ناو بەناو ڕاوی مەلێک یان ئاژەڵێکی بچووکیان کردوە و لە ،80 % ی خۆراکیان لەلایەن ژنانەوە دابینکراوە .

لەنێوان 100 تا 200 سەدهەزار ساڵ لەمەوبەر مرۆڤ دەستی داوەتە دروستکردنی پەناگەی بەکۆمەڵ (خانوو و بەرەی سەرەتایی) کە سیستێمێکی کەوانەیی هەبووە و ، ئاگریان لەنێوەندی پەناگە کەوانەیی یەکەدا کردۆتەوە ، بۆ دوورەپەرێزکردنی ئاژەڵی دڕندەو برژاندنی گۆشت وئامادەکردنی خۆراک .

هەر لەو سەردەمەدا مرۆڤ دەستی داوەتە ڕاووشکار و درووستکردنی ئامێری جۆراوجۆر ، لە پەل و پۆو توێکڵی دارو هێسک و پلووسک و بەردی تیژکراویش . لێ لە هەمووی گرنگتر ئەوەبووە کە توانای وتووێژیان پەیداکردووە . دیارە وتووێژە سەرەتاییەکان لاساییکردنەوەی مەیمون و مەل بوون بۆ ئاگاداریکردنەوەی یەکدی لە مەترسییەکی تایبەتی .

لێکۆڵینەوە لەسەرکۆمەڵگا سەرەتاییەکان ، وای دەردەخەن کە ، لەکاتێکدا ژنان خەریکی کۆکردنەوەی خواردەمەنی بوون ، پیاوان زۆرجار چاودێری منداڵیان کردووە ، وەلی ژنان بەرپرسی منداڵان بوون . دایک ، ڕووەک و ئاژەڵی سوودمەند و زیانبەخشی نیشانی منداڵەکانی داوە و فێری خۆپاراستنی کردووە . بە شێوەیەکی گشتی لەکۆمەڵگا بچکۆلە سەرەتاییەکاندا ، هاوکاری ، هۆکاری مانەوەیان بووە . وەلی ژنان زوربەی کارەکانیان ئەنجام داوە .

لەگەڵ ئەوەشدا کە هیچ کۆمەڵگایەک چەند سەرەتاییش بێت وەک پێشینانی هەزاران ساڵەیان ناژین و مۆدێرنیزە ، بە کەم یا بە زۆر دەستێکی گەیاندوونێ ، لێ هەتا ئێستاش لە ئافریکا و ئاوستڕالیا و نیو گینی و هەندی شوێن لە باشووری ئەمەریکا ، هێشتان کۆمەڵگای دوورەپەرێز هەن کە ، لەسەرکولتووری سەردەمی بەردینیان بەردەوامن .

## جێندەر وکۆمەڵگا سەرەتاییەکانی ئەم سەردەمە

لەکاتێکدا که زووربەی
دانیشتووانی ئەم زەمینە لە چەرخی بیستویەکدا دەژین ، کە چەرخی تەکنۆلۆجیاو گەیشتن بە ئەستێرەکانە ، لێ هەندێ کۆمەڵگا هەن ، لە بێشەکانی ئەمەریکای باشوور و ئەفریکادا ، هێشتان لەسەردەمی بەردییندا دەژین . وەلی لێکۆلینەوە ، لەسەرکۆمەڵگاکانی "کونگ" لە بیابانەکانی کاڵەهاری ئافریکا و" ئمبووتی"یەکانی زائیر و بەشیک لە دانیشتووە ڕەسەنەکانی ئاوسترالیا زیاترە وەک ، هەندێکی تر لەو کۆمەڵگا ناسراوانەی هەتا ئێستاش ژیانی سەرەتایی یان تێنەپەڕاندووە .
لەنێو کوونگە کانی کاڵەهاریدا ، ژنان ڕۆژانە خەریکی خۆراک کۆکردنەوەن کە بەشێوەی سەرەکی بریتییە لە بەرووبوومی وەک گوێز و ڕەگی هەندێک ڕووەک . پیاوەکانیان بەزۆری خەریکی مڵ و موشن و ، لە هەفتەیەکدا تەنها نزیکەی دوازدە سەعات کاردەکەن کە ئەویش بریتییە لە ڕاوکردنی هەندێ ئاژەڵی ورد . لەو کۆمەڵگایەدا کەس کار ناکات هەتا ژن نەهێنێ یان شوو نەکا ، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو منداڵ و پیر و پەککەوتەیەکیش بەباشی سەرپەرشتی دەکرێن و بەرێوە دەبرێن .
یەکەمین هاوسەری لەم تیرەیەدا لەلایەن دایک و باوکەوە ڕێکدەخرێ و ، زاوا لەگەڵ خێزانی ژنەکەیدا دەژی بۆ ماوەی پێنج تا دە ساڵ و ، لەو ماوەیەدا ڕەنجبەری بنەماڵەی هاوسەرەکەیەتی .
سێکس کردن لە هەر هاوسەرێکەوە ڕووبدا جگە لە نێوان ژن و مێرد دا ، ، لەزۆر حاڵدا دەبێتە هۆی جیابوونەوە . لە کۆمەڵگای" کونگ "دا تەنها پیاوان ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە ئایندا و هەر ئەوانیش سەرچاوەی ئاوەکان قۆرخ دەکەن . جگە لەوە پیاو و ژنی کونگ لە هەموو بوارێکدا یەکسانن و خاوەنی کەسایەتی خۆیانن .
ئیمبووتی یەکانی زائیر ، کورتەباڵا مرۆڤن و باڵایان لەژێر مەتر و نیوێک دایە و هەتا ئێستاش لەنێو دارستانەکانی ئەو وڵاتەدا ، لەکۆمەڵگایەکی" ئیگاڵیتاری" ( ژن = بە پیاو) دەژین ، کرۆکی کۆمەڵگا ئیگاڵیتارییەکەیان لەسەر دایکایەتی و ڕاو و شکار بەندە . لەو کۆمەڵگایەدا ، ئەوەی خۆی بە پیاو دەزانێ دەبێتە ڕاوکەر ، پیاوەکانی دی ، خۆیان دەکەنە "کلاون" ( کلاون= سوعبەتچی) سوعبەتچی لەو کۆماڵگایەدا ، پلەیەکی باشیان هەیە ، سوکوچرووک نین .
لەم کۆمەڵگایەدا ، ژنان جگە لە کۆکردنەوەی گژوگیاو میوە ، شان بە شانی پیاوەکان ڕاوو شکار دەکەن .
لەکۆمەڵگای ئمبوتیدا ، سێکس گرینگی پێ نەدراوە لە ناو کاملەکاندا نەبێ . لێ ڕێکخستنی سێکس لەناویاندا ، شێوەیکی ئاسایی نییە . کاتێک کچ لە رووی سێکسەوە پێدەگا ، دەتوانێ لە خانوی "ئێلیمە"دا بژی . شەوانە کوڕان دێنە بەردەرگای ئێلیمە و دەپاڕێنەوە ، بۆ چوونەژوورەوە ،کچ و سەرپەرشتکارەکانیان ، لە بەردەرگا دەوەستن و کوڕان دەخەنە کەڵکەڵەو فریواندن و پێداکێشانیشیان . زۆر جار ، کچان بە قامچیی لە کوڕان دەدەن و ، ڕێگەیان دەدەن ، بڕۆنە ژوورەوە و ، ئەو شەوە بە دەست لەملانێ دەبەنە سەر . ئەو دەست لەملانێیە وەک لێکۆڵەران باسی لێوەدەکەن ، دەست لەملانێیەکە لە دەستلەملانێی ژن و مێرد کەمترە . جووتبوونیش لەو دەستەملانێیەدا ، بە هەندێ پارێزگاریی یەوە پەسەندە . لێ هەتا ئێستاش هیچ کچێک لە"ئێلیمە"دا سکپڕ نەبووە . لەکۆمەڵگاکەیاندا ، ژن هێنان و شووکردن ئارەزوومەندانەیە ، لێ ئەو گرووپەی

ژنەکەی بۆ دەچێ ، دەبێ ژنێکی دی لە جیاتی ، بۆ ئەو گرووپە بنێرێتەوە کە ژنەکە جێی هێشتووە ، بەواتای ژن بە ژنە ، کە ئێستاش لەنێو کوردەواریدا باوی ماوە .
ئەو ژنەی منداڵی دەبێ ، بۆ ماوەی سێساڵ ، سێکسی لێ یاساخ دەکرێ ، ئەوەش لەبەر خاتری منداڵەکەیە ،کە دەبێ سێ ساڵان دایک پەروەردەی بکا و شیری بداتێ . لەو سەردەمەدا مێرد ، بۆی هەیە لەگەڵ کچێک یان ژنێکی مێرد داردا سێکس بکات . منداڵی ئمبووتی لە تەمەنی دووساڵیدا بۆنەیەکی تایبەتی باوک ناسینی بۆ ئامادە دەکرێ ، لەو بۆنەیەدا بۆ یەکەم جار ، دەخرێتە باوەشی باوکییەوە ، باوک دەمی منداڵەکە بە مەمکی خۆیەوە دەنێ ، کاتێک منداڵەکە لە مژینی مەمکی باوکەوە ، هیچی ناچێتە ناو دەم ، هاواردەکا دایە " ئێما"، ئەوکاتە باوک هەندێ خواردن بەدەمیەوە دەکاو فێری دەکا بڵێ بابە " ئێبا" .
لەکۆمەڵگای ئمبووتیدا کێبڕکێ نییە تەنها هاریکاری هەیە ، لە گەمەکردنیشدا ، بردنەوە پەسەند نییە .
گیروگرفتی نێوان ژن و مێرد لەکۆمەڵگای ئمبووتیدا ، بە بۆنەیەکی تایبەتی کە نێویان ناوە "مۆلینا"، چارەسەر دەکەن . ئەو بۆنەیەکە بریتییە لە بلوێرلێدان و گوایە تەنها بۆ پیاوانە ، ژنان خۆیانی تێهەڵداوێن و پیاوان تاوانبار دەکەن بەوەی کە بلوێر و بۆنەی " مۆلینا " لەداهێنانی ئەوان بووە و پیاوان لێیان دزیون و ، دەست دەکەنە گاڵتەکردن بە " کێری" پیاو ، پیاوانیش دەکەونە گاڵتەکردن بە"عوزر" ی ژنان و دەکەونە گاڵتە بەیەکدیکردن ، بەڵام لەکۆتاییدا پیاوان زیاتر گاڵتەیان پێدەکرێ ، لێ کەس نایدۆڕێنێ .
دانیشتووە ڕەسەنەکانی ئاوستڕالیا ، بە هەمان شێوە وەک دانیشتووە ڕەسەناکانی ئەمەریکا ، دوای داگیرکردنی وڵاتەکەیان ، لە لایەن سپی پێستانی ئەوروپاوە ، بەشێکی زۆریان بە پەتای نامۆ بەوان کە سپی پێستان بردیانە ناویان مردن . ئەوەی نەشمرد ، داگیرکاران تەنگییان پێ هەڵچنین و ناچاری کشانەویان کردن بۆ ئەو شوێنانەی کە ژیانی تێدا ستەمە ، لێ ئێستاش بە شێوەیەکی تەندرووست لەو ناوچە ستەم ژینگەییەدا دەژین . ئەم دانیشتوە ڕەسەنانە بڕوایان بە ئاینێکی ئاڵۆزە ، ئاینەکەیان دەڵێ" خەونەکانتانان هەموو شتێکتان بۆ ڕووندەکاتەوە" ، خەونەکان پێیان دەڵێ ، دنیای ماتریاڵی( مەبەست سەرمایە نییە) لە لایەن خواوەندەکانەوە دروستکراوە کە ، توانای ڕەوانی "سپیریتی" داوەتە بەرد و لمب و جۆگەلە ئاو و ڕووەک . خەونەکانیان ڕووداوەکانی سەردەم و ئایندەیان بۆ دەستنیشان دەکا و ، پێیان ڕادەگەیانێ کە پیاوێک یان ژنێک سەرکردایەتییان دەکا کە ، (نێر و مێ) بە هاوتای یەک وەردەگرێ . ئەوەی لەم کۆمەڵگایەدا بەلای منەوە سەرنج ڕاکێشە ، ئاینە ئیگالیتارییەکەیانە ، تۆبڵێی ، ئاینی هەموو کۆمەڵگا سەرەتاییەکان ئیگاڵیتاری بووبێ ؟ .
هەر وەک کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی ئمبووتی و کۆنگەکان ، ژنانی دانیشتووە ڕەسەنەکانی ئاوستڕالیا زووربەی کاری کۆمەڵگاکەیان لەسەرشانە ، لە پەیداکردنی خۆراکەوە بەکۆکردنەوەی بەروبوومی گژو گیاو درەخت و ڕاوو شکارو دواتر ئامادەکردنی خۆراک و پەروەردەی منداڵیش .
پیاوەکانیان ، لەدەورووبەری نزیک نیشتگەکەیان ئەگەر ڕاوێکیان دەست نەکەوێ ، دوور ناڕۆن بۆ ڕاووشکار . ئەگەر پیاوێک " خشۆکێکی گەورە - لەشێوەی قوڕی و سەرمازەڵە" دا بکووژێ ، ئەوا بەدرێژایی باقیمەندی ڕۆژەکە ، خەریکی فیشاڵ و خۆ پفکردن دەبێ .

ڕیچارد گۆڵد: دەربارەی دانیشتووە ڕەسەنەکانی ئاوستڕالیا دەڵێ ، هەردوو سێکسەکە(نێر و مێ) سەربەرزن بەخۆیان و لەو بڕوایەشدان کە بەشێکن لە گەردوونێکی هەماهەنگ ، بەلای ئەوانەوە هاوسەرێتی بریتییە لە ، ڕێکخستنی ئابووری دوو لایەن کە بەسوودی هەردوولا دەگەڕێتەوە و ، هاریکاری یەکدیش داخوازییەکی هەرە گرنگە بۆ مانەوەی هاوسەری . لەکۆمەڵگاکەیاندا پیاو گرنگترە وەلی ژنەکان دەزانن کە ئەوان زۆر پێویستن ، هەرلایەنەش بە ڕۆڵی خۆی دڵخۆشە .

لێکۆڵینەوە لەسەر نێتیڤەکانی(دانیشتووە ڕەسەنەکان) ی ئاوستڕالیا دەریخستووە کە ژنان ئاستێکی نزمتر لە پیاوانیان هەیە . لە کولتووری ئەواندا کاتێک کوڕ دەبێتە هەرزەکار ، دایکی بۆی لەدوو هاوسەرێک دەگەڕێ کە تەمەنی زۆر لە تەمەنی کوڕەکە بچووکترەو زۆرجارانیش کیژێکی شیرەخۆرەیە و هیچ لایان ئازاد نین لە هەڵبژاردنی هاوسەرەکەیان . لێ هەردوولا پێش هاوسەربوون و لە هاوسەریشدا ئازادن لەگەڵ هەرکەسێک سێکس بکەن . لەگەڵ ئەوەشدا کە ئازادی سێکس لەکاتی هاوسەریشدا بەربلاوە ، هەندێک پیاو لەسەر ئەوە لە ژنەکانیان ئەدەن ، بەڵام ژنە نێتیڤە کانی ئاوستڕالی وەک ژنانی دونیای ئیسلامی نین ، ئەوان دەست دەکەنەوە و بەگژ پیاوەکانیاندا هەڵدەچنەوە ، ئەگەر لێدانەکەش قورسبێت ئەوا پیاوەکانیان جێدەهێڵن . لەکولتووری ئەواندا بۆ ئەوەی فێری ژیانێکی باشی هاوسەری و هونەری خۆشەویستی ببن ، زۆر جار کوڕە لاوەکان پێش بە هاوسەربوون لەگەڵ ئەوکەسەی بۆی دەستنیشانکراوە ، بێوەژنێکی پیر مارەدەکەن و کیژەکانیش شوو بە پیاوێکی بەتەمەن دەکەن . شایانی باسەکە لەو کۆمەڵگایەدا فرەژنی باوە . ل 20
2002_VOL 1 MARILYN FRENCH

ئەوەی زۆر سەرنج ڕاکێشە بەلای منەوە ، نێتیڤەکانی ئاوستڕالیا ، جێگەی تایبەتی و سیستێمێکیان هەیە بۆ حەوانەوەی ژنانی بێدەرەتان ، لە پیرو پەککەوتەو نەخۆشەوە هەتا بێوەژن و ئەوانەش کە لەستەمکاری مێردەکانیان ڕادەکەن ، سیستێمەکەشیان لەوانەی وڵاتە ئەوروپاییەکانیش لەپێشترە .

شوێنی حەوانەوەی ژنان کە بە زمانی خۆیان پێیدەڵێن " جیلیمی" بۆ هەموو ژنێک هەیە سەردانی بکا و تیاشیدا بژی بۆ هەرماوەیەک بیەوێ و ، بۆشی هەیە بڕواتە دەرەوە بۆ بەسەربردنی کات لەگەڵ هەرکەسێکدا بیەوێ . هیچ پیاوێکیش بۆی نییە بە نزیک کامپەکەشدا ڕاببوورێ . ئەوەی ڕاستیبێ لە کوردستاندا نەک شێڵتەر(شوێنێکی پارێزراو) بۆ ژنان نییە بەڵکو ڕاکردن لە مێردێکی ستەمکارو گەڕانەوەی بۆماڵی باوانیشی بە شەرمەزاری بۆی دەگەڕێتەوە .

ئەو کۆمەڵگایانەی لەسەرەوە باسمان لێوەکردن نموونەی کۆمەڵگایەکی زۆر سەرەتایی بوون کە هەتا ئێستاش لەسەرکۆکردنەوەی بەروبوومی ڕووەک و سووکە ڕاووشکاری ڕۆژانەیان دەژین ، لە هەمان کاتدا ڕۆشناییەک دەخەنە سەر جۆری ژیاری رابووردوومان و ئەرک و مافی هەردوو لایەنی نێر و مێی ئەو سەردەمانەی تا ئاستێک بۆ ڕوون کردووینەوە .

## سەرەتای کشتوکاڵ و جێندەر.

پلەیکی هەڵکشاوتر لەکۆمەڵگا سەرەتاییەکان ، کۆمەڵگای سەرەتای دەستپێکردنی کشتوکاڵە " هۆرتیکولتوور" کە هەتا ئێستاش نموونەیان زۆرە لە کیشوەری ئەمەریکادا ، وەک ، باری و

ناسکاپی وتلنجیتەکانی ئالاسکاش . لێ دەبێ ئەرک و مافی لایەنەکانی جێندەر لەو کۆمەڵگایانەدا چۆن بووبێ .

بە بۆچوونی ئارکیۆلۆجیستەکان مرۆ نزیکەی 35 هەزارسالاَن لەمەوبەر دەستیانداوەتەگوندنشینی و گۆزەو گلێنە درووستکردن . مێژووی یەکەمین کۆمەڵگای ناسراوی کشتوکاڵ کارە ، دەگەڕێتەوە بۆ پازدە هەزار ساڵ لەمەوبەر کە لە دەوروبەری ڕوباری "نیل" لە میسر دۆزراوەتەوە و لەماوەی چوار پێنج هەزارساڵدا کشت وکاڵ زۆر پەرەی سەندووە . کشتوکاڵی سەرەتایی "هۆرتیکولتوور" کە بە ئامرازی سەرەتایی لە بەرد و ئێسک لەشێوەی پاچ و خاکەناز ، درووستکراوە ، بەزۆری پیشەی ژنان بووە .

ئاشکرایە کشتوکاڵ داخوازی کارکردنێکی زۆرتر و جێنشینبوونی هەیە . وەک دیاریشە بەپێی کات کشتوکاڵ شۆڕشێکی لەژیانی مرۆدا بەرپاکردوە و بۆتە هۆی گۆڕانکاری سەرجەم ژیان و جیاوازی نێوان جێندەر .

ئەوەی هەتا ئێستا ئاشکرایە ، مرۆڤ لەسەردەمی بەردینی دووهەم "پالیۆلیتیک" دا کە چل هەزارساڵ لەمەوبەر بووە ، چەکی سەرەتایی لە بەرد و ئێسکوپلووسکی ئاژەڵ ودار درووستکردووە ، جا لەبەرئەوەی بەڵگەی مرۆڤی بەکۆمەڵ کوژراو کە بگەڕێتەوە بۆ ئەوسەردەمە نەدۆزراوەتەوە ، وابڕوا دەکرێ کە ئەوچەکانە هەر بۆ ڕاووشکار بەکارهاتبن .

کۆمەڵگای " باری – بێری" کە بەهۆی قەلاچۆکردن و ئەو نەخۆشیانەی داگیرکارە ئەوروپاییەکان گەیاندیانە ناویان ، ئێستا لە وڵاتی ڤەنزوێلا ژمارەیەکی کەمیان لەناوچەیەکی بچووکی شاخاوی وچرە جەنگەڵدا قەتیس ماون ، لێ هەتا ئێستاش لەسەر جۆری ژیاری سەرەتای کشتوکاڵی بەردەوامن . لەو کۆمەڵگایەدا کۆیلەیی نییە و سەرۆکیشیان نییە ، بگرە لەزمانەکەیاندا وشەیەکیش نییە مانای سەرۆک ببەخشێ . لەکۆمەڵگاکەیاندا کە لەسەر کششتوکاڵێکی سەرەتایی و ڕاو دەژێن ، کەس خاوەنی زەوی نییە . هەموو ڕێز لەمافی یەکدی دەگرن ، دابەشکردنی کار لەناویاندا زۆر لاستیکییە . هاوکاری یەکدی دەکەن لەکاری کشتوکالی و ڕاو و دروستکردنی خانووبەرەدا . پێکەوە ئاگاداری منداڵەکانیان دەکەن و لەناو ئەواندا کاری بەرزونزم نییە .

سێکس لای ئەوان شتێکی ئازادە و سنووردار نییە بە مەرجێک لەنێوان خزمی پلەی یەکەمدا نەبێ. هاوسەرێتی لەناویاندا زۆر بەردەوامە ، لێ لەهەمان کاتیشدا جیابوونەوە و کۆتایی هێنانی هاوسەرێتی زۆر ئاسانە ، شایانی باسە ئەوەش بڵێین کە ئاین لەو کۆمەڵگایەدا هێشتان سەری هەڵنەداوە .

ئەو کەلوپەلانەی لە نێو گۆڕی دانیشتووە ڕەسەنەکانی ئەمەریکا ، لەنێوچەی کینتاکی دۆزراونەتەوە ، دەریخستووە کە جیاوازی ئیش لەنێوان ژن و پیاوی ئەو دانیشتووانەدا نەبووە ، هەردوولا هەموو کارێکیان کردووە ، ژنانیش وەک پیاوەکان بەشداری ڕاوی ئاژەڵی گەور و شەڕی نێوان تیرەکانیان کردووە . لەو گۆڕانەدا کە نێوانی سێ تا چوار هەزار ساڵ کۆنن ، ژن و پیاو وەک یەک نێژراون ، بێ گومان ئەمەش دیاردەی کۆمەڵگایەکی ئیگاڵیتارییە .

میسیۆنارێکی " میسیۆنار بەوانەدەڵێن کە ئاینی مەسیح بڵاودەکەنەوە " فەرەنساوی سەدەی حەڤدە باسی کۆمەڵگای " مۆنگتاناى- ناسکەپی " ڕۆژهەڵاتی کەنەدا دەکاو دەڵێ :

ئەو خێڵانە کە هەوارەکانیان لە هاوین و زستاندا دەگواستەوە ، هاوینان بە کۆکردنەوەی هەندێ ڕوەک و چنینەوەی میوەوە و زستانانیش بە ڕاووشکار ژیانیان دابین دەکرد ، هەمووکەسێک لەناویاندا ئیشی دەکرد و هەردوولا ژن وپیاو پێکەوە داریان دەبڕی و ئاگاداری منداڵیان دەکرد و تەڵەو فاقەیان دەنایەوە . زۆرجارانیش ژنان دەچوونە ڕاو و پیاوەکان لەماڵەوە خۆراکیان ئامادە دەکرد . لەناویاندا هاوسەریێتی نەبۆتە هۆی سالاری هیچ لایەکیان و لەڕووی سێکسیشەوە ئازادن و گواستنەوەی کامپەکان لەچ کاتێکدا بگوێزرێنەوە و بۆ کوێ ، ژنان بڕیاری لەسەر دەدەن . میسیۆنارەکە لەسەری دەڕواو دەڵێ ، لەم کۆمەڵگایەدا زۆر بە قێزەوە دەڕواننە کەسێک بیەوێ خۆی بەسەر ئەوانیکەدا بسەپێنێ ، هیچ شتێکیش بەزۆر بەسەر منداڵێکیشدا ناسەپێنن و ژن و پیاو بۆیان هەیە ببنە ڕابەری ئاینەکەیان .

" لە باکووری ئەمەریکا ، هەتا ئەوکاتەی ئەوروپاییەکان گەیشتنە Iroquisکۆمەڵگای " ئیرۆکوا –" " بوو ، بە واتای بەلای دایکدا داشکابوو . لەناوMatrilineal ناوچەکە کۆمەڵگایەکی ماتریلینیالی " ئەواندا ژنن مافی" یوسۆفرەکت " ی هەبووە . یوسۆفرەکت ، مافی بەکارهێنانی زەویوزار دەگرێتەوە بەڵام مانای خاوەنییەتی نابەخشێ . ئەو جۆرە مافە تایبەتە بە کۆمەڵگای ماتریلینیاڵ . هاوسەرێتیش " ماتریلۆکەڵ " بووە ، بە واتای پیاو گواستوویەتییەوە بۆ لای ژن . لە کۆمەڵگاکەیاندا کەزێدە لە دووسەدکەس پێکەوە لەژێر سەربانێکدا " خانوویەک " ژیاون دابەشکردنی خۆراک بەدەست ژنان بووە ، ژمارەیەکی هاوتاش لە ژن و پیاو کاری ئاینییان بەڕێوەبردووە . کۆمەڵگاکەیان بریتی بووە لە چەند تیرەیەک ، هەر تیرەیەک کە وەک نەتەوەیەک سەیرکراوە ، نوێنەرێکی خۆی ناردووە بۆ دیوانی پیران کە ، هەموو بڕیارێکیان لەدەستدا بووە . لەگەڵ ئەوەشدا کە نوێنەری تیرەکان هەموو پیاو بوون وەلی ژنەکانیان توانای لادانی سەرۆکیی فێدێراسیۆنەکەشیان هەبووە ئەگەر بەدڵیان نەبووبێ . هیچ سەرکردەیەکیان نەیتوانیوە بڕیاری شەڕکردن بدات بەبێ وەرگرتنی ڕای ژنانی کۆمەڵگاکەیان . تۆ بڵێی لەبەر ئەوەبووبێ کە کۆنترۆڵی خۆراک بەدەست ژنانەوە بووە ؟

## جێندەر لەسەردەمێکی هەڵکشاوتردا لە ، هۆرتیکوڵتوور

داهێنان و ڕازاندنەوەی گۆزەو گڵێنە ، لە هەرکۆمەڵێکدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی جیواز ، وەلی نزیکەی چواردە هەزارساڵ لەمەوبەر بووەتە هونەرێکی بەربڵاو لە سەرانسەری کۆمەڵگاکاندا .

سکۆلارەکان لەوبڕوایەدان کە لەسەرەتاوە ژنان دەستیان داوەتە کشتوکاڵ بە ئامرازی سەرەتایی و درووستکردنی گۆزەوگڵێنەش بۆ هەزاران ساڵ هەر پیشەی ئەوان بووە . لەڕاستیدا لە کوردستان و زۆر کولتووری دیکەی سادەدا هەتا ئێستاش ئەوکارە تایبەتە بە ژنان .

جێدەستی بەشداری ژنان لە وێنەو نیگارکێشانی سەر بەرد و نێو ئەشکەوتەکان زێدە لە سی هەزار ساڵ لەمەوبەر دیارن لە هیندستان و لە ئەشکەوتی " پیچ مێرل " لە فەرەنسا جێگەپێی دایک و منداڵێکی تێدایە .

هەندێک شێوەکاری کە لەهیندستان دۆزراونەوە و سەروەختیان دەگەڕێتەوە بۆ دە هەزارساڵ لەمەوبەر ، بەزۆری ژنان دیارن و زۆر کەم پیاویانی تێدا بەدی دەکرێ . وێنەکان بەزۆری وێنەی ژنی سکپڕ و شیردان بەمنداڵ و ، جموجۆڵی ژنان لەتەپکەنانەوە و شت هاڕین و ماسی گرتن و خۆراک ئامادەکردن پیشان دەدا .

یەک لەو نیگارەکێشراوانە ژنێک دەردەخا ، بەرچنەیەکی بەشانەوەیە و دوو منداڵی هەڵگرتووە و بەسەرسەریشیەوە ئاژەڵێکی هەڵگرتووە . ژنێکیتر شاخی ئاسکێکی گرتووە و بەدوا خۆیدا ڕایدەکێشێ . دوو شێوەی دیکەش هەن کە ئارکیۆلۆجیی‌ەکانی گەیاندۆتە ئەو بڕوایەی سەرۆکی ئەو کۆمەڵگایە ژن بووبێ . ( سەرچاوەکە باسی دووشێوەکەی نەکردووە ) ل 28 و29

Marilyn French

نەخشێکی دیکە کە لەوانەی دەورووبەری گەورەترە و بە " دایەخودا" ناونراوە ، ژنێک پیشاندەدا منداڵێک لەنێوگەڵیدا هاتۆتە دەر .

جگە لەمانە هەندێ نەخشی ڕیالیستانەی دیکەش هەن کە کاری سێکسیی نێوان جێندەر نیشان دەدەن . نەخشەکان ژن و پیاو پیشان دەدەن باوەشیان پێکداکردووە ، وەلی هیچ لایەکیان لەسەرەوە نین ، ئەمەش مانای هاوتایی دەگەیەنێ . ئەم نەخشانە زۆر جیاوازن لە نەخشی سێکسکردن لەکولتووری پاتریارکیدا کە زۆرینەیان دەری دەخا ژن ، بە سوکایەتیپێکردنەوە ملکەچی سێکس کراوە و بەدەگمەن سێکس حەزی هەردوولای تێدا دەردەکەوێ . لە کولتووری پیاوسالاریدا ، نەخشە سێکسییەکان هەمیشە دەریدەخەن کە پیاو گەورەترە لە ژن ، پیاو جلەکانی لەبەردایەو ژنەکان ڕووتن ، ئەم جۆرە نیگارانە پیاو و ژن دەخەنە دوو ئاستی جوداوە ، یەکێکیان بەرز کە پیاوە ، ئەویتریان نزم کە ژنە .

شوێنەواری شاری ، "کەتاڵ هویوک- چەتاڵ هویوک" : لە ئەناتۆڵ کە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی 7000\6500 پێش مەسیح و ، ژیانیان بە کشتوکاڵێکی سەرەتایی"هۆرتیکولتوور" و ئاژەڵ بەخێوکردن دابین کردووە . دانیشتووانی شارەکە خۆیداوە لە 5000 کەس ، شارەکە وەک شانە هەنگێک درووستکراوە ، بێ کۆڵان و شەقام و بازاڕ ، خانووەکانیان کە هەمووی یەک شێوازی هەبووە ، هەریەک بریتی بووە لە یەک ژوور و ، بە پەیژە لەسەربانەوە دابەزیونە ناوی . لەلای دیواری خۆرهەڵاتی ژورەکەدا سەکۆیەکی گەورەی نوستنی تێدابووە ، هەر لەژێر ئەو سەکۆیەشدا ، ژنی ماڵەکە نێژراوە دوای مردنی ، هەندێکیان لەگەڵ منداڵەکەیاندا نێژراون کە لەوانەیە ئامێژەیەک بێت بۆ بەسەرمنداڵ چووندا . لە بەشێکی دیکەی ژورەکەدا سەکۆی نوستن ، پیاو یان منداڵی لەژێردا نێژراوە ، وەلی پیاو و منداڵ قەت پێکەوە نەنێژراون .

نەبونی شوێنێکی گشتی لەشارەکەدا و وێکچوونی خانووەکان بە سەکۆی نوستنیشەوە ، سکۆلارەکانی خستۆتە ئەو بڕوایەوە کە ، لەو شارەدا سەرکردە و دەسەڵات " سوڵتە" نەبووە و ژنانیش خاوەنی ماڵ و منداڵەکان بوون . لەو کۆمەڵگایەدا کە نزیکەی هەزار ساڵ بەردەوام بووە ، لەوەدەچێ لە کولتووریاندا ، ژن لە پیاو لەپێشتربووبێ وەلی هیچ دیاردەیەکی ژنسالاری تێدا بەدی نەکراوە .

- مەریاگیمبووتا : سکۆلارێکە لێکۆڵینەوەی لەسەرکۆمەڵگا دامرکاوەکانی Marija Gimbutas

رووخی دەریای ئیجه و ئەدریاتیک کردووە ، لە چێک و سلۆڤاکەوە هاتا ئۆکرانیا . لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەڵێ ، لە نزیکەی حەوت هەزارساڵ پێش مەسیحەوە ، شارۆچکە وگوندنشینەکانی ناوچەکە ، هەزاران ساڵ بە ئاشتی و ئارامی لەسەرکشتوکاڵێکی سادە و بەخێوکردنی ئاژەڵ ژیاون . هیچ گوندێک شورای بەدەوردا نەکێشراوە ، هیچ دیاردەیەکی شەڕوشۆڕیش بەدی ناکرێ .

بەبۆچوونی هەندێک سکۆلار ،کۆمەڵگای ئیگالیتاری و ماتریلینیاری هەرگیز لەئارادا نەبووە ، وەلی دۆزینەوەی شوێنەواری ژینگەی هاوشێوەی ئەوەی ئەناتۆڵ لە ڕووخەکانی دەریای ئیجەو ئەدریاتیک و ، لە گردەکانی " سیلبوری و ئاڤبوری و ڕۆژئاوای ناوچەی کێنت" لە بەریتانیا کە دەگەڕێنەوە بۆ زێدە لە شەش هەزارساڵ . بۆچوونی ئەو سکۆلارانە پووچ دەکاتەوە . لەبەر ئەوەی لە هەموو کۆمەڵگاکانی ئەناتۆڵ و ڕووخەکانی ئێجەو ئەدریاتیک و ئەوانەی بەریتانیاش ، نەک هەر شێوەکارییەکان بەڵکو هونەری ئارهیتێکتووریشیان شێوەی فیزیکی لەشی مێینەی لەخۆگرتووە .

پاشماوەی ژینگەی هەمەشێوە لە دوورگەی " ماڵتا"ش دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان سەردەم و ، پەرستگا و گۆڕە هەڵبەستراوەکانیشیان لە شێوەی ئەندامی جێنیتاڵی مێیینەدا دروستکراون . ئەوانەی ناوچەی کێنت ، لە ئاسمانەوە لە دیمەنی ژنێک دەچێ دانیشتبێ .

جگە لەمانەش شێوەکارییەکانی کە هەتا پێش 600 ساڵ لە هاتنی مەسیح ، لەکوردستان و بابل و فەلەستین دۆزراونەتەوە ، هەمووی دەربارەی ژنانەو نیگارێکی پیاوی تێدا نییە .

بە هەمان شێوەش ، بە هەزاران میل دوور لەو کوڵتوورانەوە ، لەکیشوەری ئەمەریکا ، شێوەکارییە دۆزراوەکان کە دەگەگەڕێنەوە بۆ پێنج هەزارساڵ لەمەوبەر ، لە سێ هەزارساڵەی یەکەمیدا بەدەگمەنێش پیاوی تێدا بەدی ناکرێ .

دەزانین کۆمەڵگای دانەمرکاوکە هەردەمە نادەمێک کۆچ وبار لێکدەنێن ، گیروگرفتی خاوەنێتی زەوی وزار و سنووریان نییە و هەموو بەشدارن لەوەی هەبێت لەو دەوروبەرە کاتییەی تیایدا دادەمرکێن و ، دابونەریتیش لەناویاندا جێگری یاسایە . وەلی کۆمەڵگای دامرکاو کە سنوورێکی تایبەت بەخۆی هەیە و ڕۆژانە ژمارەی ئەندامەکانی لەزیادبووندایە ، پێویستی بە سترِکتوورێکی سۆشیالی هەیە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان . ئەمەش بۆتە هۆی هاتنەکایەی نێوەندێک بۆ کۆمەڵگاکە و ، وردە وردە جێگە چۆڵکردنی دابونەریت بۆ یاسا . بەواتای دروستبوونی کۆمەڵگای کۆمپلێکس .

وەک بەڵگە ئارهیۆلۆجییەکان دەریان خستووە هەتا سەردەمی مێژووی تۆمارکراو ژنان کرۆکی کۆمەڵگاکانی مرۆڤ بوون . لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێ کە بۆ دەبێ لە هەموو مێژووی نوسراودا ژنان نەک هەر ڕۆڵیان دیار نییە ، بەڵکو وەک ئەوە وایە هەر لەئارشدا نەبووبن . ؟

* مەشێ و مەشیانێ ناوی دایک و باوکی گشت مرۆڤن لە ئاینی پیرۆزی مازدانیانیزم " زەردەشتایێتی" دا

## سەرچاوەکانی ئەم بەشە

1-Grassroots by Jennifer Baumgardner and Amy Richards …. 2005
Australian Desert ………1969 2-Richard A. Gold, Yiwara; Foragers of

3-Georg Bancroft, History of the United States of America, From the Discovery of the Continent ……………………………1967 vol. 1.
4-Catal Huyuk: A Neolithic Town in Anatolia (New York: McGraw-Hill,…1967)
5-Marija Gimbutas, Gods and Goddesses of Old Europe (Berkeley: University of California press ………………………………………………………………1974
6-Michal Dames, The Silbury Treasure………………………………………..1967
7-Marilyn French, From Eave to Dawn……………………………….2002 vol. 1.
19738-Anton, Ferdinand. Women in pre-Colombian American. ......................
9-Anderson, Karen. Commodity Exchange and Subordination: Montagnais-Naskapi and Huron Women, 1600-1650,"………………………………..1986